**بانگەوازی ژمارە (٢)**

## ١٠٠ ساڵەی حەسەن زیرەک

ڕۆژی ٢٩/١١/٢٠٢١ بەپێی ناسنامەی ژمارە ٧٣٥ تەمەنی حەسەن زیرەک، کە لە گەڕەکی سەرقەڵا، کۆنترین گەڕەکی شاری بۆکان لەدایک بووە، دەگاتە سەد ساڵ. ژیانی پەنجاویەک ساڵە و دەوری ئەو لەناو موسیقا و ئاواز و کەلام و فەرهەنگ و هونەری کورد، پاش تێپەڕبوونی سەد ساڵ، هێشتا جێگای مشتومڕ و باس و لێکۆڵینەوەیە. ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان و کۆمەڵێک کەسایەتی و ناوەند و دامودەزگا لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، لە تویێی پڕۆژەیەکدا، بە پشتبەستن بە بەڵگە و زانیاریی باوەڕپێکراو، بە کەڵکوەرگرتن لە بیروبۆچوونی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ، ئاوڕ لە ژیان و بەرهەمەکانی زیرەک دەدەنەوە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لە ڕێگای ئەم بانگەوازەوە، داوای بەشداری و هاوکاریی زۆرتر لە کەسان و ناوەند و دەزگاکان لە کوردستان و هەموو شوێنێکی جیهان دەکەین. بۆ ناردنی بابەت و ڕاوێژکاریی و بەشداریکردن پێوەندی بەو ئادرەسەوە بکرێ: redaktion@rojhalat.de
سپاس بۆ دامودەزگا و میدیا و ئەو کەسانەی بانگەوازەکانی "سەد ساڵەی زیرەک" بڵاو دەکەنەوە.

**بەشێک لە بابەت و تەوەرەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

زانیارییەکان:
١- کورتەمێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، هونەری، میدیایی لە نێوان ساڵانی ١٩٢١ هەتا ١٩٧٢؛
١-١. کوردستان بەگشتی.
١-٢. ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
١-٣. موکریان و بۆکان.

٢- سەردەمی منداڵی:
٢-١. بارودۆخی ژیانی بنەماڵە.
٢-٢. چۆنیەتیی بنەماڵە، گەڕک، شار، دۆست و هاواڵەکانی.
٢-٣. سەردەمی مێرمنداڵی پاش مردنی باوکی و شووکردنەوەی دایکی.
٢-٤. سەردەمی لاویەتی لە بۆکان، کوردستان و شارەکانی ئێران.
٢-٥. سەردەمی چوون بۆ باشووری کوردستان و ڕادیۆی کوردیی بەغدا.
٢- ٦. بەسەرهاتەکانی گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵات، چوون بۆ ڕادیۆی تاران، کرماشان، ڕوونکردنەوەی ورد، ڕۆژ، مانگ، ساڵ، هۆکارەکان.
٢-٧. دەرکرانی لە ڕادیۆی کرماشان، هۆکار، سەبەبکارەکان.
٢-٨. گەڕانەوە بۆ بۆکان، چوون بۆ شنۆ و ناوچەی بانە و دانانی قاوەخانە-مەیخانە.
٢-٩. ژیانی ژن و ژنخوازی و جیابوونەوەکان.
٢-١٠. لایەنەکانی ژیانی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی.
٢-١١. دەوری کەسانی نزیک لە ژیانی تاکەکەسیی زیرەک (بنەماڵە، خزم و دۆست و ناسیاو).
٢-١٢. دەوری کۆمەڵگا و خەڵک لە ژیانی زیرەک.
٢-١٣. بەسەرهاتی ژیانی لە زیندانەکانی ئێران و عێراق(مەراغە، کەرکووک و شوێنی تر)

٣- بزاڤی سیاسیی کورد، زیرەک و
٣-١. کۆماری کوردستان.
٣-٢. حزبە سیاسییەکانی کورد.
٣-٣. شۆڕشی بارزانی.
٣-٤. ئەندامانی حزبی دێموکراتی کوردستان.

٤- زیرەک و ڕووناکبیران و نوخبەکانی سەردەم:
٤-١. زیرەک و نووسەران و شاعیران.
٤-٢. زیرەک و هونەرمەندانی گۆرانیبێژی کورد و نەکورد.

٥- ڕادیۆکان، زیرەک و
٥-١. ڕادیۆی بەغدا و بەسەرهاتەکانی.
٥-٢. ڕادیۆی تاران و بەسەرهاتەکانی.
٥-٣. ڕادیۆی کرماشان و بەسەرهاتەکانی.
٥-٤. ڕادیۆکانی سنە، ورمێ، تەوریز، مەهاباد و شوێنی تر.

٦- دەوری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا، زیرەک و
٦-١. پیشەکانی لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور و ئێران و عێراق.
٦-٢. نوێخوازی (دانانی هوتێل و کابارەی بە شێوەی تاران لە سەقز، قاوەخانە/ مەیخانە لە دەرەوەی شاری بانە).

٧- موسیقا، زیرەک و
٧-١. ناوی هەموو ئەو کەسانەی لە ئێران و عێراق و کوردستان، لە شار و گوند، ڕادیو و تەلەڤزیۆن کاری موسیقایان لە گەڵ کردووە، هەروەها لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنی سابیت پاساڵ لە تاران.[حبیب‌الله ثابت، کە بە سابت پاسال بەناوبانگ بوو، بازرگانێکی مووسایی بوو کە یەکەم تەلەویزیۆنی دامەزراند کە زیرەک لەو شوێنە لە گەڵ کەسانی تر دەرکەوتووە.]
٧-٢. ناوی ئەو ئامێرانەی وا بەکار هێندراون.
٧- خشتەی ناوی گۆرانییەکان لە ماڵان، لە شایی و گۆڤەند، لە ڕادیۆ و ستۆدیوکان
٧-٣. ناوی هەموو ئەو گۆرانیبێژانەی لەگەڵ ئەو لێرە و لەوێ کاری هاوبەشیان کردووە (کورد، ئازەری، ئەرمەنی، فارس، عەرەب).
٧-٤. تێکستی گۆرانییەکان بە تێکرایی لە هەر شوێنێک گوترابن و تۆمار کرابن بەبێ هەڵوەژاردن و سڕینەوە و جیاکردنەوە.
٧-٥. نۆتەی گۆرانییەکان.
٧-٦. هەموو ئەو کارانەی کە لە موسیقای ئەو بۆ ئۆرکێسترەکان لە کوردستان و لە دەرەوە کەڵک وەرگیراوە.
٧-٧. هەموو ئەو سۆلۆکارانەی میلۆدییەکانی ئەویان بۆ ئامێرە جیاوازەکان بەکار هێناوە
٧-٨. "زیرەک و پێداهەڵگوتنی دەسەڵاتداران و کەسان" وەک مەلیک فەیسەڵ، شای ئێران، کوڕی شا، بارزانی و...

٨- زیرەک و وێنە، ڤیدیۆ، فیلم:
٨-١. وێنەکانی زیرەک (کەسەکان، شوێن و ڕێکەوت) و زانیاریی پێویست
٨-٢. ئەو فیلم و ڤیدیۆیانەی کە لە ناوەندەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن گیراون.
٨-٣. ئەو فیلم و کلیپانەی لەگەڵ زیرەک گیراون.

٩- زیرەک و بیرەوەرییەکان:
٩-١. ئەو بیرەوەرییانەی کەسان ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەویان هەبووە.
٩-٢. ئەو بیرەوەرییانەی لە زمانی کەسانەوە گێردراونەتەوە
٩-٣. قسەکانی زیرەک کە لێرە و لەوێ و لە هەر شوێنێک تۆمارکرابن و گوترابن بە بێ دەستکاریکردن و سڕینەوە، وەک خۆی کە گوتراوە.

١٠- زیرەک کتێب و ڕۆژنامەکان:

١٠-١. هەموو ئەو کتێبانەی بە زمانی کوردی و بیانی لەسەر ئەو نووسراون.
١٠-٢. هەموو ئەو بابەتانەی لەسەر ئەو لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئێران و عێراق و وڵاتانی تر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ هەتا ١٩٧٢ و دواتر بە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی نووسراون.
١٠-٣. هەموو ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەکان بە زمانی کوردی و بیانی پاش ساڵی ١٩٧٩ نووسراون.
١٠-٤. هەموو ئەو بابەتانەی لە ماڵپەڕەکان لە ساڵی ١٩٩٥ هەتا ساڵی ٢٠٢٠ بە کوردی و زمانی تر بڵاو کراونەتەوە.

١١- زیرەک و فیلمی بەڵگەنامەیی:
١١-١. ئەو فیلمە بەڵگەنامەییانەی لەسەر ئەو ساز کراون.
١١-٢. ئەو وتووێژانەی لە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ سەبارەت بە ئەو لەگەڵ کەسان کراون.
١١-٣. ئەو بەرنامانەی کە تەلەڤزیۆنەکان لەسەر ئەو سازیان کردووە.
١١-٤. ئەو کلیپانە کە بە گۆرانییەکانی ئەو ساز کراون.
١١-٥. ئەو فیلمە کوردی و بیانیانەی کە بۆ موسیقای فیلمەکان، کەڵکیان لە ملۆدییەکانی ئەو وەرگرتووە.

١٢- زیرەک و شانۆ:
١٢-١. ئەو شانۆیانەی ئەو لەگەڵ تیپەکانی باشوور دەوری تێدا گێڕاون.
١٢-٢. هەموو ئەو شانۆیانەی بۆ موسیقای شانۆ، کەڵکیان لە موسیقای ئەو لە ناوخۆ و دەرەوە وەرگرتووە.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان
بەهاری ٢٠٢٠ ئاڵمان